# بەیـــــــاننامەی

## ئۆفیسی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان

## سەبارەت بە ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی **2020**

## سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

2017

# بەیــــــــانامەی

## لیژنەی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە راپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی

ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە ڕێکەوتی 2017/2/22 ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی دەرکردووە سەبارەت بە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە جیهان. لەبەشێکی ڕاپۆرتەکەیدا کە تایبەتە بە عێراق و هەرێمی کوردستان رێکخراوی ناوبراو لە بارەی چەند پرسێکەوە ڕەخنە ئاراستەی هەرێمی کوردستان دەکات  لەوانە پێشێلکردنی ئازادی میدیا و کاری ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان ، و لەم رووەوە ئاماژە بە کەیسی رۆژنامەنووس ویداد حسێن دەکات، ، هەروەها لە بارەی مامەڵە کردنی دامودەزگا ئە منییەکانی هەرێم لەگەڵ ئەو کەسانەی بە تۆمەتی تیرۆر تێوەگلاون و دەستگیر کردنی ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی عەرەبی سوننە،لە لایەکی دیکەوە راپۆرتەکە تیشک دەخاتە سەر کەیسی باسیمە دەروێش و مانەوەی بێ دادگایی کردن لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە.

لەم بارەوە لیژنەی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان لە ئەنجوومەنی وەزیران بەیاننامەیەکی سەبارەت بە راپۆرتەکە بڵاوکردەوە ئەمەش دەقەکەیەتی:

لیژنەی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان ئەو راپۆرتانەی کە لە لایەنە نێودەوڵەتییەکان دەردەچن سەبارەت بە هەرێمی کوردستان بەرز دەنرخێنێت بەتایبەتی ئەگەر ناوەڕۆکی راپۆرتەکان بابەتی بن و رەخنە و تێبینیانەی ئاراستەی هەرێمی کوردستان دەکرێن، چونکە دەبنە هۆکاری بەدواداچوونی ورد بە رەوشی مافەکانی مرۆڤ و حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە راپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە ڕێکەوتی 2017/2/22 بڵاوکراوەتەوە، ئێمە وەک لیژنەی بەدواداچوونی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان تێبینی و سەرنجەکانی خۆمان سەبارەت بەو کەیسانەی کە باس کراون بەم شێوەیە دەخەینە روو:

## یەکەم : ئازادی میدیا و را دەربڕین

لە کوردستان ئازادی ڕاگەیاندن و ڕادەربڕین بە پێی یاسا رێکخراوە  و بە سوود وەرگرتن لە یاسا بە سەدان ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن هەن لە هەرێمی کوردستان کە بەپێی ڕێوشوێنی تایبەت مۆڵەتی کارکردنیان هەیە و مافی ڕۆژنامەنووس و میدیاکاران بە پێی یاسا پارێزراوە. لە کاتی بوونی هەر حاڵەتێك کە دژ بە ڕێنماییەکانی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان و پێشێلکردن بێت یان بچێتە خانەی تەشهیر و ناوزڕاندن ئەوا کار بە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969ی هەمواركراو دەکرێت.

هەرکاتێک ڕۆژنامەنووس یان دەزگایەکی میدیایی بەرپرس بێت لە پێشێلکردنی یاسا ئەوا راستەوخۆ لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیر ناکرێت، چونکە بەپێی یاسای ڕۆژنامەنووسی ژمارە (35)ی ساڵی2007 تایبەت بە کاری ڕۆژنامەوانی ناکرێت هیچ ڕۆژنامەنووسێک دەستگیر بکرێت بەبێ بڕیاری دادگا و ڕەزامەندی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

## کەیسی ڕۆژنامەنووس ویداد حوسێن

ویداد حوسێن ڕۆژی 2016/8/13 لە شاری دهۆک لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە رفێندراوە، کاتژمێر (١٢)لە نزێک گوندی سێجێ بە برینداری دۆزراوە و دوای ئەوەی رەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی دهۆک کراوە، بەداخەوە لەبەر سەختی برینەکەی گیانی لە دەستدا. دوای رووداوەکە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێم بە بڕیاری ژمارە (23793) و لەسەر بنەمای رێنماییەکانی جەنابی سەرۆکی هەرێم لە (2018/8/14) لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بە سەرۆکایەتی موقەدەمی مافپەروەر (عصمت فرج محمد صالح) بەڕێوەبەری نەهێشتنی تاوانی

دهۆک، ئەندامیەتی هەریەکە لە رائیدی مافپەروەر (ولات صدیق ابراهیم) ئەفسەری نووسینگەی کوشتن و رائیدی مافپەروەر (بهدین سربست علی) ئەفسەری نووسینگەی نەهێشتنی تاوانی سێمێل لەسەر چۆنیەتی رفاندن و کوشتنی رۆژنامەنووسی ناوبراو پێکهێنرا. بەپێی لێدوانەکانی ئەندامانی لیژنەکە و دوای لێکۆڵینەوەکان دەرکەوت کە (ویداد حوسێن) رۆژی 2016/8/13 لە شاری دهۆک لەلایەن دوو ئۆتۆمبیلی جۆری کیا تایبەت رەنگی رەش و ئۆپترا تایبەت رەنگی سپی رفێندراوە، کاتژمێر (١٢) ناوبراو لە نزیک گوندی سێجێ بە برینداری دۆزراویەوە لە لایەن موختاری گوندەکە و بەپێی وتەکانی موختار کە ئەو یەکەم کەس بووە گەیشتووەتە سەر ویداد حوسێن و پرسیاری لێکردووە لە وەڵامدا تەنها گوتوویەتی کە ئەو دانیشتووی شاری دهۆکە، ئینجا موختار پەیوەندی بە پۆلیس کردووە بۆ گواستنەوەی و دواتر رەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی دهۆک کراوە، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەی لە نەخۆشخانە گیانی لە دەستدا،

دواتر چەند کەسێکی گومان لێکراو دەستگیر کران و گوتەیان لێوەرگیرا، هەروەها گوتەی (5) کەسی نزیک لە شوێنی رووداوەکە وەک شاهید تۆمار کرا و پەراوی کەیسەکە رەوانەی دادگای تاوان کراوە ، دواتر دادوەر بەپێی ماددەی (406/ی.س) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١ ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموار کراو) بڕیاریدا بە دەستگیرکردنی تاوانباری نەناسراو و هێشتنەوەی دۆسییەکە بە کراوەیی و بەردەوام بوونی لێکۆڵینەوەکان تا کاتی دۆزینەوەی بەڵگەی تەواو لەسەر ئەنجامدەرانی تاوانەکە.

بەپێی بەدواداچوونە سەرەتاییەکانی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی دهۆک خزم و کەسی (ویداد حوسێن) سکاڵایان لەسەر هیچ کەسێک بەرز نەکردۆتەوە، گوایە گومانیان لە کەس نییە، چونکە ناوبراو هیچ جۆرە ناکۆکی و دوژمنایەتییەکی لەگەڵ کەسدا نەبووە، بۆیە وەک حاڵەتێکی ئاسایی بەپێی یاسا لە کاتی نەبوونی هیچ سکاڵایەک دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەت وەک مافی گشتی لەرووی یاساییەوە مافی جوڵاندنی داوای سزاییان هەیە.

## دووەم: دەستگیر کردنی ئەو کەسانەی لە تۆمەتی تیرۆر تێوەگلاون

لەگەڵ هاتنی راگوێزراوان بۆ سانترەکانی هێزی پێشمەرگە وەک رێوشوێنێکی ئەمنی تەنیا پیاوەکان دەپشکێندرێن ئەویش پشکنینێکی زۆر ئاساییە بۆ دڵنیابوون لە نەبوونی کەسانی تیرۆریست و خۆکوژ لە نێویاندا، دواتر دەگوازرێنەوە بۆ سەنتەرەکانی پێشوازی. دوای گواستنەوەی راگوێزراوان بۆ سەنتەری پێشوازی لەوێش تەنیا پیاوەکان دەپشکێندرێن و بەهیچ شێوەیەک پشکنین بۆ ئافرەتان ئەنجام نادرێت، تەنانەت خودی رێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان گلەیی ئەوەیان کردووە کە بۆچی ئافرەتەکان ناپشکێندرێن، بەڵام بەهۆی رەچاوکردنی دابونەریتی کۆمەڵایەتی و حورمەتی خەڵکەکە تا ئێستا ئافرەتە راگوێزراوەکان پشکنینیان بۆ ئەنجام نادرێت.

زۆر جار لە کاتی روودانی شەڕ هەندێک کەس دەستگیر کراون، بەڵام دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە ئەوانەی کە بێتاوانن ئازاد دەکرێن و ئەوانەی کە پەیوەندییان بە داعشەوە هەبێت بەپێی مادده (٤)ی یاسای دژە تیرۆر کە پێشتر کاری پێدەکرا رەفتاریان لەگەڵدا کراوە، هەروەهاڵە دوای رزگارکردنی هەر ناوچەکە لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە دانیشتوانی ناوچەکە وەک رێوشوێنێکی ئاسایی کۆدەکرانەوە ئافرەتان بەجیا و پیاوانیش بە جیا، هەرکەسێک دەرکەوت کە پەیوەندی بە داعشەوە هەبوبێت بەپێی زانیاری هەواڵگری وەک (وێنە یان تۆماری دەنگی یان دوو شاهید) ئەو کەسانە دەستبەسەر دەکران و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرا بۆ ماوەی (24) کاتژمێر دواتر ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ناوچەکە دەکران ئەگەر دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتبا کە پەیوەندییان بە تیرۆریستانەوە هەیە ڕەوانەی دادگای تایبەت دەکرا و هەموو مافێکیان هەبوو و کەسوکاریشیان لە دەستگیر کردنی ئەو تەمەتەی کە لەسەر دەستگیر کراوە ئاگادار دەکرانەوە بەپێی یاسا، بەڵام ئەگەر هیچ بەڵگەیەکی درووستیان لەسەر نەبێت ئەوا ئازاد دەکرا و ئەو رێوشوێنانەی کە دەزگا ئەمنییەکان دەیگرنە بەر رێوشوێنێکی ئاساییە لە هەر شوێنێک لە کاتی جەنگدا بەپێی یاسا و رێنماییەکان ئەنجام دەدرێت.

بەشێوەیەکی گشتی، وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەزگای جێبەجێکردنی بڕیار وفەرمانەکانی داگاکانە و هەر کەسێك فەرمانی دەستگیر کردنی لە دادگا بۆ دەرنەچووبێت دەستگیر ناکرێت، بەپێی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969 ی هەموار کراو پاش دەرچوونی فەرمانی دەستگیر کردن لەلایەن دادگاوە، تۆمەتبار دەستگیر دەکرێت و هەموو رێکارە یاساییەکانی بەرامبەر دەگیرێتە بەر بەپێی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی (اصول المحاكمات الجزائية) ژمارە (23)ی ساڵی 1971ی هەموار کراو، بەم پێیەش وەزارەتی ناوخۆ دەسەڵاتی گرتن و ئازاد کردنی کەسی نییە ئەگەر دادگا فەرمانی دەستگیر کردنی نەدات.

دوای ئەوەی راگیراو حوکمی لە دادگاوە بۆ دەرەدچێت رەوانەی دامودەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ دەکرێ بۆ سەپاندنی سزاکەی بەپێی رێوشوێنە کارپێکراوەکان، بەڵام ئەشکەنجە نادرێ، چونکە ئەشکەنجەدان تاوانە بەپێی یاسای سزاکانی عێراقی کە لە ماددەی (333) .بەپێی ماددە (19) بڕگە 12/ا ی دەستووری عێراق دەستبەسەرداگرتنی ئیداری (حجز اداري) قەدەغە کراوە و دەسەڵاتی بەند کردن تەنیا دراوەتە دادوەر.

## کەیسی (باسیمە دەروێش)

سەبارەت بە کەیسی (باسیمە دەروێش) رۆژی سێشەممە رێکەوتی 2017/2/21 لە دادگای تاوان/٢ ی هەولێر پرۆسەی دادگایی کردنی تۆمەتبار (باسیمە دەروێش) کە بەپێی ماددە (٣) بڕگە (٧)ی یاسای دژە تیرۆر ساڵی 2006 دەستگیر کرابوو، دادگاکە بە سەرۆکایەتی دادوەر فازل عەباس و ئەندامیەتی دادوەران زرار هەرکی و دادیار حەمید بەڕێوەچوو، پاش وەرگرتنی ئیفادەکان لە تۆمەتبار، دادگا هەڵسا بە دانانی ماددە (٢) بڕگە (٨) کە بریتییە لە داپۆشینی تاوان (تستر) لە جیاتی ماددە (٣) بڕگە (٧)ی یاسای دژە تیرۆر کە بریتییە لە هەبوونی پەیوەندی بە گرووپە تیرۆریستییەکانەوە. جێگری داواکاری گشتی داوای کرد کە ناوبراو ئازاد بکرێت بەپێی ماددە (دوو) بڕگە (ج) لە یاسای بنەماکانی دادگایی سزای عێراقی ژمارە (٢٣ی ساڵی ١٩٧١)، پاش گفتوگۆی سەرۆک و ئەندامانی دادگاکە و لەبەر نەبوونی بەڵگەی تەواو لەسەر تاوانی ناوبراو، بڕیار درا بە ئازادکردنی (باسیمە دەروێش) و بڕیارەکەش قابیلی تەمیزە لە دادگای تەمیز لە ماوەی ٣٠ رۆژدا، پاش پەسەند کردنی لە دادگای تەمیز بڕیارەکە پلەی تەواو وەردەگرێت (الدرجة القطعية) و تاوانبار ئازاد دەکرێت، بەڵام ئەگەر دادگای تەمیز بەپێچەوانەوە بڕیاری دادگای تاوانی پەسەند نەکرد ئەوا ناوبراو سزا دەدرێت بەپێی یاسا، بۆیە تا دادگای تەمیز بڕیاری کۆتایی خۆی دەدات ناوبراو دەمێنێتەوە لە بنکەی چاکسازی.

لە کاتی مانەوەی لە بنکەکانی گرتن و گواستنەوە باسیمە دەروێش هەموو مافێکی یاسایی هەبوو، دیارە پرۆسەی دادگایی کردن لە هەر سیستەمێکی یاسایی لە هەر وڵاتێکدا بێت قورسە و کاتی زۆری دەوێ بەتایبەتی ئەگەر هاتوو کەیسەکان پەیوەندییان بە ئاسایشی نیشتمانییەوە هەبێت، سیستەمی یاسایی هەرێمی کوردستان چەند رێوشوێن و رێکاری یاسایی هەن پێویستە کە پەیڕەو بکرێن لە کاتی یەکلا کردنەوەی کەیسەکاندا، بۆیە لایەنە پەیوەندیدارەکان وەک هەر دەستگیرکراوێک مامەڵەیان لەگەڵ کەیسی  باسیمە دەروێشدا کردووە و هەموو مافێکی یاسایی پێ بەخشراوە بەپێی یاسا وەک دابینکردنی پارێزەر و رێگادان بە سەردانی کەسوکاری، هەروەها رێکخراوە مرۆییەکانیش بە بەردەوامی سەردانیان کردووە و بەدواداچوونی وردیان بۆ ئەم کەیسە کردووە.

سیستمی یاسایی لە کوردستان رێرەوی خۆی گرتووە و دەسەڵاتی دادوەری بێلایەنە و پابەندە بە جێبەجێکردنی یاسا و پاراستنی پرنسیپەکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی، ولەم بوارەوە دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رێگاخۆشکەر بوونە بۆ ئەوەی مافی یاسایی هەموو هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەدات و بەبێ جیاوازی مسۆگەر بکەن.

## سێیەم: ئازادی هاتوچۆی راگوێزراوەکان

دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان رێگا لە هاتوچۆی ئاوارە و پەناباران ناگرن، بەڵام بە هۆی بەردەوامی شەڕی داعش و مەترسی ئەمنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هەندێک ڕێوشوێنی ئەمنیان گرتووەتەبەر بەتایبەت لە هەندێ ناوچەی دیاریکراو کە زۆرترین مەترسی دزەکردنی تیرۆریستانی لەسەرە، ئەم ڕێوشوێنانەش زیاتر بۆ هاووڵاتییە عەرەبەکانە بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە دزەکردنی تیرۆریستان بۆ ناو کوردستان، خاڵەکانی پشکنین دوابەدوای وردبینکردن لە دۆکیومێنتەکانی ئەو خێزانانە و دڵنیابوون لە بێتاوانیان لەلایەن هۆبەی خاڵەکانی پشکنینەوە بە ئۆتۆمبێلی تایبەت کە لەلایەن رێکخراوە مرۆییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنیەوە ئامادەکراون دەگوازرێنەوە بۆ کەمپەکان.

لە نێو کەمپەکانیشدا لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ پاراستنی ئاسایشی کەمپەکان چەند رێوشوێنی تایبەت دەگرنە بەر بۆ هاتوچۆی راگوێزراوان بۆ دەرەوەی کەمپەکان تەنانەت مۆڵەتی ئەوەشیان پێ دەدرێت کە لە شارەکاندا کار بکەن و لەم رووەوە ئاسانکاری زۆریشیان بۆ دەکەن، بەشێوەیەکی گشتی ئاوارە و راگوێزراوان ئازادن لە هاتوچۆ کردن و بنکەی تەندروستییان هەیە، بەڵام هەر کەسێک پێویستی بە چارەسەر بێت و لە کەمپەکە چارەسەر نەکرێت ئەوا دەنێردرێنە نەخۆشخانەکانی پارێزگاکانی هەرێم بۆ چارەسەر کردن.

**سکرتاریەتی لیژنەی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان**

**٢٠١٧/٢/23**